# پرۆژەی هەموارکردنی پێنجەمی یاسای پەرلەمانی
# کوردستان ـ ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی
# هەموارکراو

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی (22) لە یاساکەدا هەمواردەکرێ وبەم جۆرە دەخوێنرێتەوە:

1- هەر حیزب یان کۆمەڵێك بۆی هەیە لیستی پاڵێوراوەکانی خۆی پێشکەش بکات بەمەرجێك ڕێژەیەکی لە ئافرەتانی تێدابێ کە (30٪) کەمتر نەبێ.

2- پاڵاوتن بە پێی سستمی لیستی کراوە دەبێت.

3- پێویستە ژمارەی پاڵێوراوان لە هەر لیستێك لە (3) کەمتر نەبێ.

**ماددەی دووەم:**

بڕگە (1) لە ماددەی (29) هەمواردەکرێ و بەم جۆرە دەخوێنرێتەوە:

1- هەڵبژێر مافی ئەوەی هەیە دەنگ بدات بە لیستە کراوەکە یاخود بە یەکێك لە پاڵێوراوەکانی لیستە کراوەکە.

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی (36) هەمواردەکرێ و بەم جۆرە دەخوێنرێتەوە:

1- دەنگە ڕاستەکانی کە لیستە کراوەکە بەدەستی هێناون بەسەر دابەشکەری هەڵبژاردن دابەش دەکرێ بۆ دەستنیشان کردنی ژمارەی کورسیەکانی کە موستەحەقیەتی.

2- دابەش کردنی کورسیەکان بەسەر پاڵێوراوی لیستەکراوەکە لەسەر بنچینەی ژمارەی دەنگەکانی کە هەر پاڵێوراوێك بە دەستی هێناوە لە سەرکەوتووی یەکەم و دووەمەوە دەست پێدەکات و بەم پێیەش بۆ پاڵێوراوەکانی دیکەش پەیرەو دەکرێت.

3- ئەو دەنگانەی کە لیستەکە وەری گرتوون بە پێی بڕگە (2)ی سەرەوە دابەش دەکرێن.

4- کورسی چۆڵ بەسەر بەهێزترین ئەوەی ماوەتەوە دابەش دەکرێ.

5- ئەم هەموارکردنە بە شێوەیەکی سەلبی کارناکاتە سەر ڕێژەی (30٪)ی ئافرەتان و بەڵگەش بۆ ئەمە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکانی عێراقە.

**ماددەی چوارەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێک ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆک بێ.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی(وەقائیعی کوردستان) دا بڵاو دەکرێتەوە.

ئەوانەی ئیمزایان لەسەر پرۆژەکە کردووە:

1- صبریە غفار أمین
2- عثمان احمد محمد امین
3- أنور محمد غفور
4- تاڤگە محمد علی
5- سارا خضر پیروت
6- حسن بابکر حمد
7- عثمان بانی مارانی
8- گیلاس محی الدین محمد غریب
9- عبدالرحمن احمد
10- د. نوری تاڵەبانی